Västerbottens läns landsting

Information på sydkurdiska

# ئەنجوومەنی پارێزگە ئەمە ئەکات

**Detta gör landstinget**

ئەنجوومەنی پارێزگە بەم کارانە هەڵدەستێت، چاودێری نەخۆشی – وە تەندرووستی، چاودێری ددان، چالاکی (کاروباری) کەمئەندامان وە کارکردن بۆ تەندرووستی گەلی (گشتی) بۆ ئەوانەی لە پارێزگەکە دانیشتوون. ئەنجوومەنی پارێزگە خەرجی هاتووچۆی بەکۆمەڵ بە پاس(بوس)وە شەمەندەفەر لەنێوان سەنتەری شارەوانیەکانی پارێزگەدا وە بەسەر سنوورەکانی پارێزگەشدا دەدات.
کاروبارەکە بەبێ مەبەستی قانزاجکردن بەڕێوەدەبرێت وە بەتەواوی خەرجی لە کەرتی گشتی وە مزی چاودێرییەوە دێت.
بەرپرسیارێتی ئەنجوومەنی پارێزگە لە یاسای چاودێری نەخۆشی – وە تەندرووستیدا هاتوە: "ئامانجی چاودێری نەخۆشی – وە تەندرووستی، تەندرووستیەکی باشە وە چاودێرییەکە کە بە هەمان هەلومەرج بۆ دانیشتوان لێکچوبێت . چاودێرییەکە بەڕێزەوە بۆ هەمو مرۆڤەکان کە بەهاییان لێکچوە وە بۆ مرۆڤە تاکە بەهاییدارەکە پێشکەش بکرێت. ئەو کەسەی کە پێداویستی هەرەگەورەی
بە چاودێری نەخۆشی – وە تەندرووستی هەیە دەبێت لە چاودێریدا پێشنۆبەت بخرێت."

## ئامانجەکان

پلانەکەی ئەنجوومەنی پارێزگا، کە دۆکومێنتی پلاندانانی ئەنجوومەنە، دیدەدوورەکان (خەونەکان)، ئامانجەکانی ئاراستەڕێ و ستراتیژییەتەکان بۆ ماوەی پلاندانانەکە دیاری کراون.
ئەنجومەنی پارێزگا دیدێکی دووری هەیە کە بەرز ئەڕوانێت: "ڤێستەربۆتن لەساڵی ٢٠٢٠ دا باشترین تەندرووستی لە جیهاندا و تەندروستترین دانیشتوانیی ئەبێت."
سیاسەتمەدارەکان ئەم چوار ئامانجانەیان بۆ ئاراستەڕێی ئەنجوومەنی پارێزگا داناوە:

- تەندروستی باشتر و یەکسانتر
- چاودێری باش و یەکسان
- لایەنەکانی هاوکاریی چالاک و نوێداهێنەر
- خاوەنکاری ڕاکێشەر

ئەنجوومەنی پارێزگا بەسەر چوار ناوچەی چالاکی سەرتاسەریی پارێزگا دابەشکراوە: چاودێری سەرەتایی، خزمەتگوزاری، چاودێری ددان و چاودێری نەخۆشی.

## سیاسەتمەدارانی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێدراو سەرکردایەتی دەکەن

ئەنجوومەنی پارێزگەی ڤێستەربۆتن ڕێکخراوێکە کە سەرکردایەتی (بەڕێوەبەرایەتی) سیاسیە وە کە لەڕوی جیوگرافییەوە لەگەڵ پارێزگەکەدا یەککەوتۆتەوە. هەرەزۆری چالاکییەکە (کاروبارەکە) لەلایەن خەڵکی ڤێستەربۆتنەوە بە هەڵبژاردنی سیاسیی گشتی سەرکردایەتی دەکرێت.
شێوازی هەڵبژێردراوە متمانەپێکراوەکان بۆ سەرکردایەتیکردنی چالاکییەکانی (بەڕێوەبردنی کاروباری) ئەنجوومەنی پارێزگە لەسەر بناغەی دابەشکردنی بەرپرسیاریەتی لە نێوان سیاسەتمەدارەکان وە فەرمانبەرەکان بنیاتنراوە. چۆنیەتی دابەشکردنی بەرپرسیاریەتیەکە لە ڕێساکانی ئەنجومەنی پارێزگەدا ڕووندەکرێتەوە.
سیاسەتمەدارەکان سەرکردایەتی لەڕێگەی دارشتنی ئامانجەکان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگە دەکەن وە بڕیاردەگرن لەسەر ئەو ئاراستەبوونەی کە دەیانەوێت چالاکیەکە هەیبێت. لەسەرکردایەتییەکەدا ئەوەشی تیدایە کە بڕیار لەسەر چوارچێوەی ئابوری وە مەرجەکانی تر بگیرێت (بەڕێوەبردن بڕیاردان لەسەر چوارچێوەی ئابووری و مەرجەکانی تر لەخۆ ئەگرێت). بەشێکی گرنگی تریش ئەوەیە، کە بەدواداچوون لەسەر ئامانجەکان وە چالاکییەکە (کاروبارەکان) وە چۆنیەتی دابینکردنی پێداویستی هاوڵاتیان بکرێن.
لە دەسەڵاتی باڵای ئەنجوومەنی پارێزگەدا، هەشت پارتی سیاسی هەن. سۆشیال دیموکراتەکان ٣٠ کورسی، پارتی مۆدێرات ٩، پارتی چەپڕەو ٩، پارتی سەنتەر ٦ ، پارتی گەل ٦، مەسیحییە دیموکراتەکان ٤، پارتی ژینگە ٤ و دیموکراتە سویدیەکان ٣ کورسی.

## لیژنە سیاسیەکان

لیژنە سیاسیەکان – لەپێش هەموانەوە لیژنەی تەندرووستی – وە چاودێری نەخۆشی، لیژنەکانی تەندرووستی گەلی (گشتی) وە چاودێری سەرەتایی هەروەها لیژنەی پەککەوتەیی وە وەگەڕهێنانەوە بۆ ژیانی ئاسایی – بەستەری گرنگن لە نێوان هاولاتیان وە سیاسەتمەدارەکاندا. ئەوان دەبێت دادوەری (هەڵسەنگاندن) لەسەر دۆخی تەندرووستی وە پێداویستی تەندرووستی-، نەخۆشی- وە چاودێری ددان بکەن. ئەوان دەبێت هەروەها دادوەری (هەڵسەنگاندن) لەسەر ئەوە بکەن کە ئایا هاولاتیان هەستیان بەرامبەر دابینکردنی پێداویستییەکانیان چۆنە.

لیژنەکان زەمینەی کارکردن بۆ دەسەڵاتی باڵای ئەنجوومەنی پارێزگە پێش بڕیاردان لەسەر پلانی ئەنجوومەنی پارێزگە وە دۆکومێنتی سەرکردایەتی تر(بەڕێوەبردنی تر) ڕادەستدەکەن (سازدەکەن). لیژنەکان هەروەها هاریکاری لەگەڵ شارەوانیەکاندا، ڕێخراوەکانی کاروباری نەخۆش وە چەندینی تر دەکەن.

## پەیوەندی بە سیاسەتمەدارەکانتەوە بگرە

لێرەدا زانیاری پەیوەندیکار(پەیوەندیکردن) بۆ (بە) هەڵبژێردراوە متمانەپێکراوەکانی ئەنجوومەنی www.vll.se پارێزگە هەن.
زانیاری پەیوەندیکار نیشان بدە.
http://www.vll.se/Startsida/politik-och-insyn/politiker